# جاش و جاشایەتی: خوێندنەوە

سەردار عەزیز

جاش کەسێکە کە هەستاوە بە کاری خیانەت دژ بە گەل و نەتەوەکەی خۆی. بەو مانایە جاش کەسێکە کە پەیوەندی بە هێزیان بە لایەنێکەوە هەیە کە لە دەرەوەی گەل یان نەتەوەکەی خۆین. کاری جاشایاتی لە رووی یاساییەوە کاری خیانەتە دژ بە گەل و دەوڵەت، بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت تریزن. تریزن لە دەستوری زۆربەی زۆری وولاتاندا وەک تاوانێک ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر ئەمرۆ لە دونیادا تاوانی کوشتن بەگەورەترین تاوان لە قەڵەم بدرێت، ئەوا بۆ رۆژان و سەردەمێکی زۆر لە مێژووی چەند سەدەی رابوردودا کاری جاشایاتی گەورەترین تاوان بوو. سەرباری ئەمە مێژووی هەموو گەلێک لاپەرەی رەشی جاشایەتی تیایە.

کاری جاشایەتی پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئاگایی نەتەوەدا هەیە. ئەم چەمکە لە ئاگایی کورددا هێندە تۆکمە و سەقامگیر و بیرلێکراوە نیە بۆیە تێگەشتن لە کاری جاشایەتی لە نێوکورددا کارێکی ئاسان نیە. دیارە بۆ کوردێکی ناشیونالیست کاری جاشایەتی گەورەترین تاوانە، بەڵام ئایا کوردی نەتەوەپەرست یان ناشیونالیست بوونی هەیە. کەواتە لێرەوە دەتوانین پرسین ئایا لاوازی یان نەبوونی رۆحی نەتەوەیە کە وەهای لە کورد کردوە بەو ئاسانیە و بەو ژمارە زۆرە ببێتە جاش .

جاش وەک تاکەکەسێک ئەو مرۆڤەیە کە کورد واتەنی پیاوی کەسێکی ترە، بەو مانایە ئەو کەسێکە ؛ دەچێتە شەر، دەکوژێ، ماڵ دەروخێنێ، ئەنفال ئەکات، لاقەی ئافرەت ئەکات، شەق لە پیرەژن و منالان هەڵئەدات، بەبێ ئەوەی هیچ باوەرێک یان ئایدەلۆژیایەک یان ئیمانێک لە پشت کارەکەیەوە ئامادەیی هەبێت. دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نیە جاشایەتی هەمیشە بەتاڵە لە ئایدەلۆژیا. بەڵکو جاشی ئایدەلۆژی بەشێکی زۆری کاری جاشایەتی پیک دێنێت تەنانەت لە نێو گەلی کوردیشدا. بەڵام جاشی ئایدەلۆژی جوددایی هەیە لەگەڵ جاشی بەتاڵ لە ئایدەلۆژی.

رەنگە بۆ زیاتر تێگەشتن لە چەمکی جاشایایەتی واباشبێت لەگەڵ چەمکی کرێکار لای مارکسی بەراوردیکەین. لای مارکس کارکردن سەرەتای دەستپێکردنی مێژووی مرۆڤە کە جودای ئەکاتەوە لە مێژووی سروشت، مارکس ئەم تێروانینەی لە فەیلەسوفی ئیتالی ڤیکۆوە وەرگرتوە. کەواتە کارکردن ساتەوەختی بەریەک کەوتنی مرۆڤ و سروشتە. لەمیانەی ئەم بەریەککەوتنەوە مرۆڤیش و سروشتیش دەگۆرێن. بەپێی تێروانینەکەی مارکس گرانە جاشایەتی وەک کار و جاش وەک کرێکار تەماشابکەین. جاش ئەو کەسەیە کە کاری جاشایەتی رێگەی پێئەدات لە مرۆڤبوون بکەوێت. لە مرۆڤ کەوتن ئەگەر وەها دێتە پێش چاو کە ساتەوەختێکی نەویستراوە بەڵام گەرانەوە بۆ دڕندایەتی و دەستبەرداربوون لە بەرپرسیارێتی و رەوشت و ئەخلاق بۆ زۆرێک لە خەڵک ساتەوەختێکی پڕ لە لەزەتە. دڕندە چێژ لە بازووی وەرئەگرێت، دەبێتە ئەو کەسەی کە ئەوانی تر سڵی لێئەکەنەوە. ئەوەی جێی باسە کەلتوری کوردی تا ئاستێکی زۆر کەلتورێکی دڕندە پەرستە، کورد هەمیشە بە چاکە باس لەو کەسانە ئەکات کە دڕندەن و توندوتیژی و تۆقاندن بەکاردێنن بەرامبەر بە مرۆڤەکانی تر. مرۆڤی دڕندە لە کەلتوری کوردیا جێگایەکی بەرزی هەیە. زۆر بە سانایی کەسێک لە وەسفی کەسیکی تردا دەڵێت؛ پیاوێک بوو هەموو کەس لیی ئەترسا، کەس زاتی نەئەکرد لەبەردەمیا فزەبکات، چەندە قسەڵۆکی وەها کە بەرووونی خەیاڵ و تێگەشتنی ئیمە دەرئەخات بەرامبەر هەڵسوکەوتی دڕندەیی. دیارە کێشەی توند و تیژی و مرۆڤ قەیرانێکی گەورەیە لە فەلسەفەدا. هەندێ قوتابخانە بروایان وەهایە کە مرۆڤ بە سروشت بونەوەرێکی خراپە کارە دەبێ دەستەمۆکرێ. هەندێ تر بروایان وایە کە مرۆڤ بە سروشت چاکە بەڵام کۆمەڵگا و سیستەمەکان دەیکەنە ئەوەی کە هەیە. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا برێکی زۆر لە توند و تیژی بە سروشتی ئامادەیی هەیە. ئەم توندتیژیە ئەو بەشەی مرۆڤە کە هێشتا ئاژەڵە. کە چێژ لە ئازاردان و کوشتن و مەرگ وەرئەگرێت. ئەوەندە بەسە ئاورێک لە ئەو هەموو فلیمە بدەینەوە کە کاری کوشتن و توندوتیژی پیرۆزئەکەن. هەروەها بیرکردنەوە لە وەرزش، کە چۆن وەک ناوەندێک و دەروازەیەک بەکاردێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزوە شەرانگێزیەکان، لە ئاستی تاک و لە ئاستی کۆمەڵدا. خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی دووگۆلی ئەم راستیەمان بۆ ئەسەلمێنێ. لە کۆمەڵگاکانی رۆژئاوادا هەروەها جەستەی ئافرەت بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت. کۆمەڵگای کوردی بێئاگایە لە چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ توندوتیژیدا. دیاریدەی

توندوتیژی گەورەترین بەربەستە لەبەردەم پرۆسەی بە دیموکراسی بوونی کۆمەڵگادا. ئاین دەتوانێ رۆڵێکی باش ببینێ لەم بارەوە ئەگەر بەشێوەیەکی عاقلانە مامەڵەی لەگەڵابکرێت. بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی هێندە ئاڵۆزە هەرگیز لە حکومەتی ئێستای کوردی چاوەروان ناکرێت. ئەوانەی دەسەڵاتیان بۆخۆیان قۆرخکردوە لە کوردوستان زۆر دوورن لەوەی بزانن دەوڵەت و کۆمەڵگا چیە و چۆن بەرێوەئەبرێت.

بەڵام کێ ئارزووی هەیە ببێتە درندە. بۆئەم پرسیارە دوو رەهەند دەخوازین یەکەمیان رەهەندی کۆمەڵایەتی کە لە باڵادەستی خێل و عەشیرەت و بنەماڵەدا خۆی دەبێنێتەوە لەبەرامبەر رۆحی نەتەوەدا. دووەمیان لایەنی دەروونی کە لە کەسایەتی شکستخواردو و دۆراوی مرۆڤی کورددا خۆی دەبێنێتەوە، لەبەرامبەر مرۆڤ و بوون و ئازادبوون. هەرچی لایەنی خێڵەکی هەیە، بەرای من هۆکاری سەرەکیە لە بەربڵاویتی جاشایەتیدا، ئەمە نەک هەر لە کوردوستانی باشور بەڵکو لە هەر چوار پارچەکەی کوردوستان. لە تورکیا کە جاشایەتی دامەزرا سەرەتا سرۆک عەشیرەتەکان بونە جاش. گەلی کورد تا ئێستا نەبوەتە نەتەوە بۆیە تائێستا چەمک و دیدی پێش نەتەوە بەسەریا زاڵە. ئەمەش لە عەشیرەت و خێڵ و بنەماڵەدا خۆی دەبینێتەوە. مێژووی کورد مێژووی پێکدادانی ئەو خێل و بنەماڵە و عەشیرەتانەیە کە خەڵکی کوردیان پێکهێناوە. هەمیشە بە درێژایی مێژوو لە کاتی شەرو پێکدادانی دوو بنەماڵە یان دوو عەشیرتدا خەڵکی سەر بە عەشیرەتەکان وەک دوژمن لەیەکتریان نواریوە و هەرگیز هەستیان بەوە نەکردوە هەردوو لا کوردن وە لە میانەی پێکدادانیاندا کورد ئەکوژن. کەواتە دەتوانین بڵێین کورد برای کورد نیە. مرۆڤی کورد لە کوشتنی کەسێکی تری کورددا هەست ناکات هاوزمانێ، هاوخوێنێ، هاوچارەنوسێ، هاووڵاتێ، هاوکەلتورێ ئەکوژێ.

ئەم تێزە ئەمنباتە دونیای یەکێک لە هەرە مەترسیدارترین فەیلەسوفە سیاسیەکانی سەدەی بیست، کە بە هیچ شێوەیەک لە ئەدەبیاتی کوردیا ناوی نەهێنراوە، ئەویش فەیلەسوفی ئەڵمانی کارل شمیتە. شمیت بروای بە دووانەی دۆست و دوژمن هەیە. ئێمە لێرە نارۆینە نێو دونیا ئاڵۆزەکەی شمیتەوە. بەڵام بەهەمان ئاراستە بیربکەینەوە دەپرسین کێ دۆستە بۆ مرۆڤێکی کورد، وە لە هەمانکاتدا کێ دوژمنە. کێ دەبێتە دۆست و کێ دەبێتە دوژمن. ئەگەر نەتەوە جگە لە خیتابێکی بەتاڵ هیچی تر نەبێت

ئایا کاتێک خێڵێک یان سەرۆک خێڵێک دەبێتە جاش بەهیچ جۆرێک هەستی خیانەتکردن بەرامبەر بە نەتەوە تیایاندا ئامادەیە. ئەم پرسیارە ئاڵۆزە پێویستی بە تێگەیشتن هەیە لە چەندین رەهەندی جوداوە. ئەگەر عەقڵی عەشیرەت زاڵ بێت ئەوا عەقڵی عەشیرەت وەک قۆناغێک سەر بە قۆناغی فیودالیزمە. لە هەمانکاتدا نەتەوە وەک چەمکێک سەر بە قۆناغی پاش فیودالیزم یان کەپیتالیزمە. بەم مانایە عەقڵی فیودال و بوونی نەتەوە پێکەوە دانولەیان ناکولێ. لە عەقڵی فیودالدا، وەک نموونەی عەقڵی نامۆدرێن یان پێش مۆدرێن خەیاڵدانی کەسەکان ئەوەندە گەورە نیە کە بتوانێ بچێتە ئەودیو سنوری تەسکی خێڵەکەیەوە، بۆیە ئەندامی خێل تەنها لە نێو خێڵەکەیا هەست بە هێمنی و دڵنیایی ئەکات. ئەگەر لە گەڵ بێندکەت ئەندرسندا بۆ ساتێک تەبابین ئەوا بە پێی ئەندەرسن داهێنانەکانی مۆدێرنەیە وەک نەخشە، چاپ، دەوڵەت خەیاڵی تاکیان فراونکردوە بۆئەوەی بتوانێ وێنای بوونێکی گەورەتر وەک نەتەوە بکات. (هەر لەم روانگەیەوە تەکنەلۆژیا یارمەتیمان ئەدات کە وێنای گەردون بکەین، وە خۆمان بە مرۆڤێکی گەردونی لە قەڵەم دەین) ئێمە دەزانین ئەم شتانە گەشتونەتە نێو کۆمەڵگای کورد بەڵام بەهیچ جۆرێ کاریان لە سەر ئاگایی کورد دونیابینیەکەی نەکردوە.

لە خێڵدا سەرۆک خێل رابەرە، خێڵەکەی بۆیە هەیە بۆئەوەی خزمەتی ئەو بکەن. ئەندامانی خێل لەبەرامبەر سەرۆک خێڵدا هیچ مافێکیان نیە. بۆیە کێشە نیە بۆ سەرۆک خێل لەگەڵ هەرکێدابێت، لە هەرلایەکەوە یارمەتی وەرگرێ، یان دەستی لە هەرکارێکا بێت. چونکە عەقڵی خێل رێگەی هەمووشتێکی پێئەدات بۆئەوەی خۆی وەک سەرۆک خێڵێک بمێنێتەوە، بەهێزبێت، خاوەن پایەبێت، دەوڵەمەندبێت. لە دونیای خێڵدا، نەتەوە، خاک، مرۆڤ، هاووڵاتی، نیشتمان، نەک وەک چەمکێک، نەک وەک هەستێک، نەک وەک ئاگاییەک بونیان نیە. ئامادەبوون و پتەوی ئەم رۆحەیە، رۆحی خێڵ لە بەرامبەر رۆحی نەتەوەدا کە بەئاسانی مرۆڤی کورد بەبێ هەستکردن بە هیچ گوناهێک، هیچ خیانەتێک، هیچ ناپاکیەک هەمیشە جاشایەتیی کردوە. تۆکمەیی و پتەوی ئەم هەستەیە لە رۆحی کورددا کە رێگەی لە سەرهەڵدانی هەموو شێوازێکی تری پێکەوەبوونی مۆدرێن گرتوە. بۆ نموونە حیزب ئەگەر چی چەمک و شێوازێکی سەر بە مۆدێرنەیە بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیا لە شێواز و ستراکتۆردا گەرێنراوەتەوە بۆ پێش مۆدێرنە، حیزب بەهەمان خەیاڵ و بە هەمان راشناڵ و بە هەمان خیتابی خێڵ ئیش ئەکات. ئەمەیە وەهایکرد کورد بە گورو بەتەوەسەوە بروات بۆ کەپکی حەمەد ئاغا بۆئەوەی شێرانە کوردی تر بکوژێ.

لەم نوسینەدا بواری ئەوە نابێت بچینە سەر ڕەهەندی دەرونی، بەتایبەت خوێندەوەی ڕۆحی شکستخوارد و لە ڕوانگەی فرانز فانۆنەوە، هەروەها قسەکردن لە سەر مێژووی فەرەنسا لەسەردەمی حکومەتی فیشیدا، بۆیە بەجێیدێڵین بۆ دەرفەتێ تر. هەروەها بوار نیە قسە لەسەر جاشایەتی ئایدەلۆژی بکەین بەتایبەت ئیسلامی و شیوعی بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکەین چەمکی توندوتیژی بێ خیتابە. توند و تیژی وەک کارێک وەک هەڵسوکەوتێک بەرامبەر بە ئەویتر هەمیشە پێویستی بە پاساوێنانەوەیە. پێویستی بە خیتابە بۆئەوەی کارەکە مکیاژکات بە ڕەوایەتی بە پێویست بوون. بەلام جاشایەتی بەتایبەت جاشایەتی خێڵایەتی دیاریدەیەکە پێویستی بە خیتاب نیە. من ئەمە ناوئەنێم توندوتیژی بێناو یان توندوتیژی بێدەنگ. ئەم ئامادەنەبوونەی خیاتب ئەم پێویست نەبوونە بە خیتاب کاری جاشایەتی ئەکاتە کارێکی درندایەتی بێئامانج. درندایەتی لە پێناوی درندایەتی، کە دەتوانرێت بە بەلەزەتترین کاری درندایەتی لەقەڵەم بدرێت. مرۆڤ بوون هەمیشە بە لەزەت نیە. مرۆڤ بوون لێپرسراوێتی و هەڵوێست و بیرکردنەوەی پێویستە. درندەبوون پێویستی بەمانە نیە.  ئەگەر بەراوردێک لە نێوان جاش و پێشمەرگەدا بکەین (دیارە من لێرەدا تەنها مەبەستم لەبەراوردە وەک چەمک). پێشمەرگە کەسێک بوو کە هەڵگری خەونێک بوو، لەپێناوی ئامانجێکا دەجەنگا، داوای هاوکاری و سۆز و خۆشەویستی لەوانی تر ئەکرد. بەڵام جاش پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا پەیوەندیەکی مرۆڤانە نیە، ئەو جگە لە ئازاردان و تۆقاندن، جگە لە بەکارهێنانی توندوتیژی جگە لە  بەبابەتکردنی ئەویتر هیچی تری ناوێ. جاش گەرانەوەیە بۆ عەقڵی جەنگەڵ. کە دەنوسم لە سەر میزێکی گەورەی جوانی لە تەختە، لە ژوری تەنیشت مەتبەخەکەمانا لە ماڵێکی خۆشی هێمندا، گوێم لە دراوسێ ئیتالیەکەمانە قسە لەگەل کچە بچکۆلەکەیانا ئەکات، بەڵام یادەوەریم ئەمگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژانی ئەنفال، بۆ ڕۆژانی ئۆردوگای سمود، بۆ ڕۆژانی خەفیفە و سەقیلە، بۆ ڕۆژانی شەری ناوخۆ. لە گەڵ هاتنی 31ی ئابدا پێویستە ئێمە قوڵتر بیر لە جاشایەتی بکەینەوە.